# مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەی ناو و ڕێگرەکانی

م. سازان زاهیر سەعید/ زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان/ بەشی کوردیی

پێشەکیی:

پێڕەوی بچووککردنەوە لەزمانی کوردیدا، لە دوو وەچەپێڕەو پێکهاتووە، وەچەپێڕەوی مۆرفۆلۆژیی و وەچەپێڕەوی سینتاکسیی، کە لەڕێی پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە جیّبەجیّدەکریّن. ئەوەی پتر جیّگەی بایەخی لیّکۆڵینەوەکەیە، ئەو میکانیزمانەن، کە بەشداریی لە پرۆسەی بچوککردنەوەی مۆرفۆلۆژیی و چۆنیەتیی جیّبەجیّکردنیاندا دەکەن. لیّکۆڵینەوەکە لە پیّشەکیی، دوو پار، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پیّکهاتووە.

لەپاری یەکەمی تویّژینەوەکەدا، پشت بە شیکردنەوەی نموونەکان لەسەر هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی بەتایبەتی و سینتاکس بەگشتی بەستراوە و بەهۆیەوە بەراوردیّك لەنیّوان هەردوو مۆدیّلەکەدا کراوە، پاشان لە پاری دووەمدا، پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی - بچووککردنەوەی ناو-، کە تەوەری سەرەکیی باسەکەیە، لە دوو ڕوانگەوە شیکراوەتەوە، لەلایەکەوە بەپیّی ڕیّبازی پەسنکردنی شیکاریی و بەپشتبەستن بەو نموونانەی هیّنراونەتەوە، جۆری لاگرەکان دیاریکراون، لاگرەکانیش هەڵگری زانیاریی فەرهەنگین و پەیوەست بە ناوەڕۆکی دەرکردەکەوە، واتاکانیان بەرجەستەدەکەن، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەو ڕیّگرانەی پرۆسەی هەڵگواستنی ناوی بچووککراوە بلۆکدەکەن، خراونەتەڕوو. ڕیّگرەکانیش بەپیّی تایبەتمەندیی زمانی کوردیی، بەپیّی مۆدیّلەکانی بچووککردنەوە بەگشتی و مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەی ناو بەتایبەتی، دەستنیشانکراون.

## ١/١ پرۆسەی بچووککردنەوە لەزماندا

قسەکەر پیّکهاتە نادیاریکراوەکان، بۆ ئاماژەدان بەو یەکانە بەکاردیّنیّت، کە سنووری واتاییان ڕوون و ئاشکرا نین، یاخود لەگفتوگۆدا زانیارییەکی گرنگ و تەواو بەهادار نین، لەگەڵئەوەشدا نادیاریکراویی یەکەکان ئەوە دەگەیەنیّت، کە ناتوانریّت پەی بە تەواوی سنوورەکانیان ببریّت،[١] ئەمەش هەندیّکجار گریمانەی پیّدانی زانیاریی نادروستی لیّدەکەویّتەوە، بۆیە لەهەندیّك باری جیاوازدا، پیّویستیی دیاریکردنی قەبارەی ئەو یەکانە لەڕووی واتاوە دیّتەئاراوە، چونکە ڕاستیی و دروستیی واتای ڕستەو بیرەکان، لە ڕاستیّتیی زانیاریی و واتای وشەو یەکە پیّکهیّنەرەکانی ڕستەوە سەرچاوەدەگریّت. هەڵبەت یەکیّك لە ڕیّگاکانی دیاریکردنی سنووری واتایی وشەکانیش، بەهۆی پرۆسەو مۆدیّلەکانی بچووککردنەوەوە ئەنجامدەدریّت، وەك لە خوارەوە ڕوونکراونەتەوە.

---

[١] Grandi & Scalise (2000: 1)

## ٢/١ مۆدێلەکانی بچووککردنەوە

بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە مۆرفیمی بچووککردنەوەو ئەلۆمۆرفەکانیان لەزمانی کوردیدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە فەرهەنگی کوردیدا کەمتر بەهۆی فۆڕمی سەربەخۆوە جیاوازیی زگماکیی کەرەستە هاوچەشنەکان نیشاندراوەو ناویان لێنراوە، ئەمەش مانای نەبوونی فۆڕمێکی زمانییە، وەك ئەڵتەرناتیڤی گەیاندنی چەمکی بچووککردنەوە، بۆیە لەبری فۆڕمی سەربەخۆ، لەڕێی هەڵگواستن بەهۆی ئەم مۆرفیمانەوە، ناو لە قەبارە جیاوازەکان دەنرێت، ئەمەش بە ئامانجی پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگییە لە زمانی کوردیدا.*

میکانیزمی دیاریکردن و بچووککردنەوەی واتای یەکەو دانە فەرهەنگییەکانیش پەیوەست بە قەبارەی فیزیکیی کەرەستەکانی دەرەوەی زمان، هەندێك ڕەهەندی جیاواز دەگرێتەوە، کە بەهۆی دوو مۆدێلی بچووککردنەوەوە ئەنجامدەدرێت، هەریەك لەم مۆدێلانەش لە ئاستی زمانیی جیاوازدا کاردەکەن، وەك لەخوارەوە خراونەتەڕوو.

### ٢/١-١ مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوە

"پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی لەڕێگای هەندێك تەرزو دروستەوە لێکسیمی هەڵگوێزراو بەرهەمدێنێت."[١] یەکێك لەڕێگاکانی بچووککردنەوەش لەکوردیدا، بەهۆی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و لەڕێی تەرزە جیاوازەکانەوە دەبێت، ئەم مۆدێلەی بچووککردنەوە، ئاماژە بەو چەمك و زانیارییانە دەدات، کە لە دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیدا دەنوێنرێن و بە فۆڕمە بچووککراوەکان ناودەبرێن، ئەم پرۆسەیە بەهۆی لاگرەکانی بچووککردنەوەوە ڕوودەدات، کە جەمسەری کۆتایی بناغەکە دەگرن و لە شێوەی پاشگردا گۆدەکەن، بناغەکانیش دەشێت ناو، یان ئاوەڵناو* بن.

لەم مۆدێلەدا، لاگرەکانی بچووککردنەوە، کە هەڵگری واتای دیاریکراون، پەیوەست بەجۆری بناغەکەوە، نیشانەی [+ بچووکیی] ی، بە چەند ڕەهەندێکی جیاوازی وەك (قەبارە، ڕووبەر، تەمەن) دەدەن و لەڕووی سیمانتیکەوە سنووردارییدەکەن[٢]، بەرهەم و دەرکردەکانی ئەم پرۆسەیەش، وەك لێکسیم لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، کەواتە بەگشتی یاسای (N + مۆرفیم)، بەپێی چەند تەرزێکی جیاواز بۆ هەڵگواستنی فۆڕمی بچووککراوە جێبەجێدەکرێت (بڕوانە (١)).

---

* لەزمانی کوردیدا، مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە پەیوەست بە (ناو)ەوە، بۆ پێنج کۆمەڵ جیاکراونەتەوە: /ـکە، ـ لە، ـچە، ـچکە، ـیلکە/، هەر کۆمەڵێکیش، چەند ئەلۆمۆرفێك لەخۆدەگرێت، کە هەر یەکێکیان بەپێی تەرزێك، یان زیاتر، ناوی بچووککراوە دادەڕێژن. بڕوانە: سازان زاهیر (٢٠١٣: ٨٢).

[١] بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١١: ٣٤)

* ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر کراوە، پۆلەڕەگەزی (ناو)ە، لەمەشدا ناوی گشتیی، نەك ناوی تایبەتیی مرۆڤ، سەرباری ئەوەی، بەپێی پێویست ئاماژە بە پۆلەڕەگەزەکانی تریش دراوە، بەڵام کارکردن تێیاندا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە.

[٢] بۆ وەرگرتنی زانیاریی و نموونەی زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە: سازان زاهیر (٢٠١٣، ٥٥–٥٨).

١) ا. کووپە + /_ەڵە/ ⟵ کووپەڵە [+ قەبارە]
ب. شار + /_ۆچکە/ ⟵ شارۆچکە [+ ڕووبەر]
پ. کار + /–یلە/ ⟵ کاریلە [+ تەمەن]

**٢-٢/١ بچووککردنەوە بە سینتاکس**

ئەم پرۆسەیە لە ئاستی سینتاکسدا جێبەجێدەکرێت، کە پرۆسەیەکی باوەو بەشدارییەکی چالاك‌و ڕاستەقینە، لە بەرجەستەکردنی بیرو چەمکی بچووککردنەوەدا دەکات، بۆئەمەش، بەگشتی دروستەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی، ئەم ڕۆڵە دەبینێت، کە تێیدا کەرەستە فەرهەنگییەکان دەبنە سەری واتایی‌و بناغەی دروستەی فرێزەکە پێکدێنن، ئاوەڵناوی /بچووك/یش، لە جێکەوتەی دووەمی دروستەکەدا دەبێتە دەرخەرو نیشانەی [+ بچووککردنەوە، + سنووردارکردن] بە بناغەکە دەدات (بڕوانە (٢))، کەواتە سینتاکس ڕۆڵی لە بچووککردنەوەو سنوردارکردنی واتای کەرەستە فەرهەنگییەکاندا هەیە، کە لەڕێی دروستەی فرێزەوە دەگەیەنرێت.

٢) هاندێکی بچووکم کڕی.

ئەگەرچی ئەم دوو مۆدێلە لەڕووی واتاوە تاڕادەیەکی زۆر یەیکاڵی یەکن، بەڵام لەهەمانکاتدا سەرەڕای جیاوازییان لەڕووی میکانیزمی جێبەجێکردنی پرۆسەکانەوە، هەندێك جیاوازیی سەرەکیی‌و بنەڕەتیی لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، کە لەخوارەوە دەخرێنەڕوو:

١. مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوە هەمبەر بە بچووککردنەوە بەسینتاکس، پرۆسەیەکی سنووردارە، واتە ناتوانرێت لەڕێیەوە هەموو یەکەو دانەیەکی فەرهەنگیی بچووکبکرێتەوە، بەڵکو لەم پرۆسەیەدا هەندێك کۆت‌و مەرج دەبنە پێوەر، بۆیە لاگرەکانی بچووککردنەوە لەتوانایاندا نییە بەهەموو بناغەیەکەوە بلکێن، بەواتایەکی دیکە، قسەکەر سەرپشك نییە بۆ هەموو دانەیەکی زمانیی، ئارەزوومەندانە ئەم پرۆسە مۆرفۆلۆژییە جێبەجێبکات (بڕوانە(٣_ا ب پ)).

٢. مۆدێلی بچووککرنەوە بە سینتاکس، پرۆسەیەکی سینتاکسیی چالاکەو مەودای بەکارهێنانی فراوانە، بەوپێیەی: (ا) دەتوانرێت هەمان ئەو فۆرمە بچووککراوانەی مۆرفۆلۆژییانە داڕێژراون، مۆدێلی سینتاکسیشیان بەسەردا جێبەجێبکرێت (بڕوانە(٣_ح خ))[*] ، بەڵام ناشێت پێچەوانەکەی هەڵگری هەمان مەرج بێت (بڕوانە(٣_ ت ا، ج ب، چ پ)). (ب) ئەو کەرەستانەی مۆرفۆلۆژییانە بچووککردنەوەیان ڕێپێدراو نییە، سنووردارکردنیان لەڕێی سینتاکسەوە بەجێدەهێنرێت‌و لەو واتایە نزیکدەکرێنەوە (بڕوانە (٣_ت، ج، چ)).

٣) ا. /*تەپڵەکۆچکە/ ب. /*پەنجەرۆکە/ پ. /*کورسیلە/
ت. تەپڵەکی بچووك ج. پەنجەرەی بچووك چ. کورسیی بچووك

---

[*] جێبەجێکردنی پرۆسەکان لە هەمانکاتداو بەسەر هەمان بناغەکەدا ڕوونادات، بەڵکو دەتوانرێت تەنها یەکێك لە پرۆسەکان جێبەجێبکرێت.

ح. باخچە                    خ. باخی بچووك

٣. لە مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەدا سنوورەکان دیاریکراوترن، بەواتا مۆرفیمەکە وردتر پەسنی سنوور، یان قەبارەی زگماکیی بناغەکە دەکات، چونکە فۆڕمە داڕێژراوەکە وەك لێکسیمێکی فەرهەنگیی، زانیاریی واتایی تێدا هەڵگیراوە (بڕوانە(٤))، لەبەرامبەردا، دەشێت پرۆسە سینتاکسییەکە ناڕوونو جۆرێك لە نادیاریکراویی پێوەدیاربێت (بڕوانە(٥)).

٤) کووپەڵەیەکم کڕی.

٥) ئەم کووپەیەیان بچووکە./ کووپەیەکی بچووکم کڕی.

لە (٥)دا بۆیە ڕادەی بچووکیی دەرخراو نادیارە، چونکە دەشێت بەبەراورد لەگەڵ کەرەستە، یان چەند کەرەستەیەکی تردا دەرخرابێت، کە قەبارەکانیان دیاریکراو نین، بۆیە ڕستەکانی (٤، ٥) لەڕووی واتاوە وەکیەك نین.

لەلایەکی دیکەوە، جیرافسکی Jurafsky ١٩٩٣، باس لە بچووککردنەوەی ڕێژەی واتایی وشە، یاخود هەڵگری چەمکی بچووکێتیی لەئاستی وشەدا دەکات،[1] هەروەك بەپشتبەستن بە لایەنی جوگرافیو دوورکەوتنەوە لە بۆماوەی خزمایەتیی باوی نێو زمانەکان، توێژینەوەیەکی ئەنجامدا، بەجۆرێك ئەم توێژینەوەیە هەڕەمەکییانە (١٠) ناوەڕۆکی واتایی سەبارەت بە مۆرفیمی بچووککردنەوە لەخۆگرتبوو، هەریەك لەو حاڵەتانەش، کە جێی بایەخی لێکۆڵەر بووە، بە وشەی /منداڵ/ەوە پەیوەستکراون، بەو مانایەی بچووککردنەوە لەسەر ئاستی واتایی /منداڵ/، بەپێی ڕێژەی واتاکەی دەستنیشانبکرێت، ئەمەشی بە (کەتیگۆریی ڕیشەیی جیهانیی لە بچووککردنەوەدا) ناساند.

لە هێڵکاریی(١)دا پەیوەست بە تایبەتمەندێتیی زمانی کوردییەوە، کەتیگۆرییەکە دەخرێتەڕوو.




هێڵکاریی (١)

کەتیگۆریی ڕیشەیی جیهانیی لە بچووککردنەوەدا

[1] Howard (1998: 1-2)

لەو هێڵکارییەدا، هەریەك لە ڕاستەهێڵەکان واتای گۆڕانێکی ڕاستەوخۆ بەئاڕاستەی کرۆکەواتای وشە بنەڕەتییەکەو ژمارەی خشتەکانیش، گۆڕانێکی پلەبەندیی واتایی دەنوێنن. پەیوەست بەمەوە، چەند نموونەیەك بەپێی تایبەتمەندێتیی زمانی کوردیی لە خشتەی (١)دا پێشکەشدەکرێت.

| ناوەڕۆك | مۆرفیمی بەند | مۆرفیمی سەربەخۆ |
|---|---|---|
| منداڵ – ساوا | بەرخۆلە | بەچکەمراوی |
| هەست | وردیلە، نەشمیلە | کەمهەست |
| بچووك | بچکۆلە | کەمێك بچووك/ ورد |
| شکاندن/ بێڕێزیی | گێلۆکە، کەرۆکە | کەمئەقڵ |
| مێینە | ژنۆکە | کەمدەسەڵات، کەمتوانا |
| بەشەتەن/ مەچەك | گوێچکە | کەمئەندام |
| لاواز | سیسەڵە، زەعیفکەلە | کەمدەسەڵات، کەمهێز |
| بەشەڕوودا/ خۆپیشاندان، مانگرتن | ......... | کەمیی بەنزین |
| لێکچوون | کرمەك، شارۆچکە | ......... |
| لاساییکردنەوە | ......... | ......... |
| نزیککردنەوە | شێتۆکە، جوانکەلە/ جوانکیلە | ......... |
| سنوور | دەریاچە | باخی بچووك |

**خشتەی (١)**

**خشتەی کەتیگۆریی ڕیشەیی جیهانیی بەپێی تایبەتمەندێتیی زمانی کوردیی**

نموونەکان دەریدەخەن، ڕووبەری واتای فەرهەنگیی نێوان زمانەکان جیاوازن، بۆیە مەرج نییە ئەو وشانەی لەسەر بنەمای چەمکی بناغەکە دەکەونەوە، لەهەموو زمانێکدا وەکیەك بن، بەڵکو هەر زمانێك بەپێی تایبەتمەندیی و پێویستیی گەیاندن، وشەی هەیە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا جیاواز لە زمانی ئینگلیزیی، کە تێیدا زۆرینەی بچوککردنەوەکان بەپێی خشتەی (کەتیگۆریی ڕیشەیی) بە مۆرفیمی سەربەخۆی فۆڕمی (little) دروستدەبێت، هەروەك (a little woman, a little house, a little tired...ect)، لەکاتێکدا لە زمانی کوردیدا، وەك لە ستوونی سێیەمی خشتەکەدا خراوەتەڕوو، زۆربەی کات فۆڕمی (کەم) وەك بەشێك لە وشەکە، بەشداریی لە بەرهەمهێنانی بچووکردنەوەی واتای وشەکەدا دەکات.

## ٣/١ مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوە پەیوەست بە گۆڕینی پۆلەڕەگەزەوە

هەندێك كات لە پڕۆسەی هەڵگواستندا، "ڕەنگە لكاندنی لاگرێكی هەڵگواستن ببێتەهۆی گۆڕیینی هەم واتاو هەم پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی lexical category ئەو بناغەیەی base، كە پێوەیدەلكێنرێتو لكاندنی لاگرێكی دییكە تەنها واتا یان تەنها پۆلەڕەگەزی بناغەكەی بگۆڕێت یان هییچیان نەگۆڕێت"[١]. لە هەڵگواستنی ناو لەناو، هەڵگواستنی ئاوەڵناو لە ئاوەڵناودا، پۆلەڕەگەز نەگۆڕاوە، بەڵام لە زۆركاتدا پۆلەڕەگەزی وشەكان دەگۆڕێن، بەوپێیەی "گۆڕانی پۆلەرەگەزی وشەكان گۆڕانێكی فراوانەو یەكێكە لە ئامانجە سەرەكییەكانی وشەداڕشتن لە زماندا"[٢]، ئەم گۆڕانەش، بە پۆلەڕەگەزی بناغەو پۆلەڕەگەزی دەركردەوە پەیوەستە.

### ١-٣/١ گۆڕینی پۆلەڕەگەزی بناغە، بەپێی ئەم تەرزانە دەبێت:

١- تەرزەكانی هەڵگواستنی ناو لە ئاوەڵناو /لەئاوەڵناوخستن/

ئاوەڵناو + /- ۆكە/

ترشۆكە، مزرۆكە، شەلكە

ئاوەڵناو + /- ۆڵە/

ڕیشۆڵە، ڕەشكە

٢- تەرزەكانی هەڵگواستنی ناو لە كردار /لەكردارخستن/

لێرەدا مەبەست ڕەگی كردارە

كردار + /- ەك/

كووتەك

كردار + /- ۆكە/

فڕۆكە

٣- تەرزەكانی هەڵگواستنی ئاوەڵناو لەناو /لەناوخستن/

ناو + /- ۆك/

ترسنۆك*

---

[١] محەمەدی مەحوی (٢٠١٠: ٤٩)

[٢] نەرمین عومەر (٢٠١٠: ٦٦)

* /ترس/ یەكێكە لەو وشانەی، لە سینتاكسدا بەكارهێنانی ناوییو كرداریی هەیە، لێرەدا وەك (ناو) مامەڵەی لەگەڵدا كراوە:

ا. وەك (ناو): ترس، مرۆڤ بەرەو نەمانو لەناوچوون دەبات.

ب. وەك (كردار): ئەوەندە دەترسم، هەموو گیانم دەلەرزێت.

**ناو + /- ۆڵ/**

**کرمۆڵ**

**٤- تەرزەکانی هەڵگواستنی ئاوەڵناو لە کردار /لەکردارخستن/**

**کردار + /- ۆك/**

**گەڕۆك، گرینۆك**[**]

**ئەوەی شایانی گوتنە ئەوەیە، کە لەزمانی کوردیدا تەرزی هەڵگواستنی ناو لە ئاوەڵناو /لەئاوەڵناوخستن/ بەهۆی ئەم مۆرفیمانەوە، لە تەرزی هەڵگواستنی ئاوەڵناو لە ناو /لەناوخستن/ بەبەرهەمترە[1].**

**٢-٣/١ گۆڕینی پۆلەڕەگەز بەپێی دەرکردە**

**لەمجۆرەدا، پۆلەڕەگەزی دەرکردەی پڕۆسەکە، هەمبەر بە پۆلەڕەگەزی بناغەکەی دەگۆڕێت، گۆڕانەکانیش ئەمانەن:**

**١. بەناوکردن**

**٢. بەئاوەڵناوکردن**

**لەجۆری یەکەمدا ڕوونکرایەوە، پۆلەڕەگەزی بناغەکان (ناو، ئاوەڵناو، کردار)ن، بەڵام پۆلەڕەگەزی دەرکردە بەهۆی پڕۆسەی لاگرلکاندنەوە، تەنها (ناو، ئاوەڵناو) دەبێت، واتە لەم پڕۆسەیەدا گۆڕینی پۆلەڕەگەزی بناغەکان (بەناوکردن، بەئاوەڵناوکردن) دەگرێتەوە، بەڵام هیچ یەکێك لە پۆلەڕەگەزەکانی بناغە نابنە کردارو ئاوەڵکردار، بەو مانایەی (بەکردارکردن، بەئاوەڵکردارکردن) بوونیان نییە.**

**لەناو ئەم مۆرفیمانەدا، جۆرێك مۆرفیم هەن بە دروستبووی تاکوتەرا ناودەبرێن، مەبەست لەدروستبووی تاکوتەرا "وشەدروستکردنێکە بەمۆرفیمێکی تاقانە، کە هەمانکاتیی/ سینکرۆن ناتوانرێت چیدیی بەتەواویی شییبکرێتەوە"[2]. ئەو مۆرفیمانەی لەم چەشنەن، لەئێستای زماندا تەنها لە سنووری وشەیەك، یان چەند وشەیەکی کەمدا بەهەمان ئەرك‌و واتاوە پەیوەست بە دروستکردنی وشەو ناوەڕۆکی نوێ ماونەتەوە، لەبەرئەوە بواری کۆڵینەوەیان کارێکی ئاڵۆزە، بۆیە ئەمجۆرە وشانە بە "(دروستبووە لەڕوونیی_ کەوتووەکان) ناوزەددەکرێن"[3]، بۆنموونە /_ژۆڵە/ بەواتای نیشاندانی تەمەنێکی دیاریکراو، تەنها لە وشەی /کارژۆڵە/داو /_ەك/یش بەواتای**

---

[**] واپێدەچێت لەشێوەزاری سلێمانیدا، دەنگی /ن/ لە وشەی /گرینۆك/دا، پێویستیی فۆنەتیکیی هێنابێتی، ئەویش بەهۆی نەهاتنی دوو ڤاوڵەوە بەدوای یەکدا.

[1] بۆ زانیاریی لەبارەی بەرهەمی مۆرفۆلۆژیی بچووككردنەوەوە، بڕوانە: سازان زاهیر (٢٠١٣) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا خراونەتەڕوو.

[2] محەمەدی مەحوی (٢٠١٠: ٢٢٠)

[3] سەرچاوەی پێشوو، ٢٢١.

داڕشتنی ناوی جۆرە گوڵێك، تەنها لەوشەی /مێخەك/دا دەبینرێن و لەسنووری هیچ وشەیەکی تردا، بەهەمان واتاوە دەرناکەون، بۆیە دەتوانرێت بە دروستبووی تاکوتەرا دابنرێن.

### ١/٢ ڕێگرەکانی بچووککردنەوە

دیاریکردنی ڕێگرەکانی بەردەم پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەی ناو، تەوەری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەیە. ئەوەی لێرەدا جێی گرنگیی و بایەخپێدانە، دەستنیشانکردنی ئەو ڕێگرە جیاوازانەیە، کە پرۆسەی هەڵگواستنی وشەی بچووککراوە بلۆکدەکەن. بەگشتی بلۆککردن، دیاردەی نەهاتنی فۆرمێکی هەڵگوێزراوە بەهۆی هەبوونی فۆرمێکی ترەوە.[١] بە واتایەکی دیکە، ڕێگرتنە لە جێبەجێکردنی یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی. ڕێگرەکانیش، بنەمای گشتیی پەیڕەوکردنی کۆتوبەندکردنە لە یاساو پرۆسەکاندا.[٢] کاتامبا Katamba ٢٠٠٦ پێیوایە، هەندێك هۆکار، بەربەست لەئاست جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی وشە هەڵگواستندا دروستدەکەن، هەموو مەرجەکانی جێبەجێکردنیش لە پەیڕەوکردندا دەردەکەون.[٣] لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین، بەهۆی شیکردنەوەو تاقیکردنەوەی نموونەکانەوە، کە میکانیزمی کارکردنمانە، بەربەستە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا بخەینەڕوو.

### ١-١/٢ ڕێگری فرەجاریی

بوونی هەندێك ناو لەسروشتدا تاکە، ئەم تاکێتییە گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت ببێتە بەربەست و وەك ڕێگری چەندێتیی، یاسای مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوە بلۆکبکات، واتە ڕێگەنەدات ئەو یاسایە پەیوەست بە بناغەکەوە، وشەی نوێ دابڕێژێت. بۆنموونە یاسای لکاندنی لاگری بچووککردنەوە بە ناوەکانی وەك /خۆر، مانگ/ەوە، بەهۆی ڕێگری چەندێتییەوە بلۆکدەکرێت، چونکە فرەجاریی چەشن بۆ /خۆر، مانگ/ لەدەرەوەی زمان -سروشت-دا یەکە، واتە لەڕووی بابەتییەوە هەبوونی تەنها یەك بناغەی لەو چەشنە لە دەرەوەی زماندا، بچووککردنەوەی ئەو ناوانە /*خۆرۆچکە، مانگۆچکە/ ئەگەرچی فۆڕمدروستیشن، بلۆکدەکات، لەکاتێکدا هەڵگواستنی فۆرمی بچووککراوە، بە بوونی چەند کەرەستەیەکی هاوچەشن، جیاواز لە نیشانەی واتاییدا بەندە.

### ٢-١/٢ ڕێگری چەندێتیی

هەندێکجار، ژمارە وەك دەرخەرێکی پێشەوە، پەیوەست بە چەسپاویی لایەنی چەندێتیی دەرخراو- دیاردەکانی دەرەوەی زمان-ەوە ڕۆڵدەبینێت. لەهەندێك باردا نەگۆڕیی ژمارەکان،

---

[١] Aronoff (1981: 41) و Bauer (1993: 87) و Lieber (2012: 187)، بشڕوانە: matthews, (2007: 42)

[٢] matthews (2007: 75)، بشڕوانە: crystal (2003: 100) و Carnie (2012: 335)

[٣] Katamba (2006: 75)، هەروەها بڕوانە:

Kiparsky. p, (1982), lexical Phonology and Morphology, in I. s. Yang (ed) Linguistics in morning, calm, seoul, Hanshin.

یاسایەکی وشەداڕشتن لەبارێکی دیاریکراودا بلۆکدەکەن، بۆ نموونە یاسای لکاندنی مۆرفیمی بچووککردنەوە لەگەڵ ناودا، یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدارە لە کوردیدا، بەڵام هەمان ئەم یاسایە ناتوانرێت بەسەر ناوەکانی /هەفتە، ساڵ ، وەرز/دا جێبەجێبکرێت.

هەریەك لەو ناوانە لەڕووی ناوەڕۆکەوە، بەڕەهایی (مگلق)ی دابەشکراون _هەفتە(٧ ڕۆژ)، ساڵ(١٢ مانگ) ، وەرزەکان(٤ وەرز) _، کە جۆریك لە پەیوەستبوونی ڕاستەوخۆ لەنێوان دەرخەرو دەرخراوەکانیاندا دروستبووە. بوونی ئەو ژمارانەش هەڕەمەکیی و لەخۆوە نین، بەڵکو پەیبردنی مرۆڤ بە چۆنیەتیی دابەشکردن و دیاریکردنی کات بەو پێوەرە لۆژیکییە، پەیوەستە بە یاسا سروشتیی و فیزیکییەکانەوە، بۆیە گۆڕینیان سەرپشکیی نییە، ئەمەش وادەکات بچووککردنەوەیان بە یاسای مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوە، ڕێگەپێنەدراو و نادروست بێت.

لەمەوە بەهێزیی ڕێگریی چەندێتیی –سروشتی چەسپاوییان– لەم نموونانەدا بەجۆرێکە، کە پێشبینییناکرێت دەرکردەیەکی بچووککراوەی لەچەشنی (*هەفتۆکە* –کەمتر لە ٧ ڕۆژ–، *ساڵۆکە* – کەمتر لە ١٢ مانگ–، *وەرزۆکە* –کەمتر لە ٤ وەرز–)، لەلایەن قسەپێکەرانەوە پەسەندبکرێت، چونکە خاوەنی یەك دابەشکردنی چەسپاوو نەگۆڕن.

هەر پەیوەست بەمەوە، بەهای ئەو وشانەی وەك پێوەر لەزماندا بەکاردێن، لەڕووی چەندێتییەوە جیاوازن و دەکرێن بە دوو جۆرەوە:

١– پێوەری هەڕەمەکیی: ئەو وشانەن، کە بەهاکانیان لەڕووی سیمانتیکی چەندێتییەوە [ –دیاریکراو]ە، واتە ناڕوونیی لە دەستنیشانکردنی بڕو هێندی ئەو ماددانەدا هەیە، کە بەهۆی ئەم وشانەوە دەردەخرێن، بەمەش ئەو زانیارییانەی لە کرۆکی ئەم وشانەدا هەڵگیراون، شیاوی لێکدانەوەی جۆراوجۆرن، بۆیە بە پێوەری هەڕەمەکیی ناوزەددەکرێن، هەروەك ڕادەکان لە زمانی کوردیدا، (تۆزێك، نەختێك، هەندێك، تۆزقاڵێك) (بڕوانە (٦)).

٦) ا. نەختێك برنجی کوردیم کڕی.

ب. هەندێك بەنزینم کردە سەیارەکەوە.

پ. تۆزێك ئاوم خواردەوە.

ت. تۆزێك ئاوم کرد بە حەوشەکەدا!

لە ڕستەی (٦_ا)دا فرێزی { نەختێك برنج}، لەڕووی چەندێتییەوە هەڵگری کۆمەڵێك وێناو ئەگەری جیاوازە، بەوپێیەی ئەو زانیارییانەی لە وشەی /نەختێك/ دا هەڵگیراون، لێڵ و نادیارن، واتە زانیارییەکی وردمان لەسەر دەرخراوەکە ناداتێ، بەڵکو دەشێت ئەو بڕە شاراوەیەی وشەی /نەختێك/ بەخشکەیی دەیگەیەنێت، (کیلۆیەك، بیست کیلۆ، فەردەیەك...تاد) بێت، لەلایەکی ترەوە، بەدوایەکداهاتنی لێکسیمەکان لە دروستە تەکنشینییەکانیشدا، بۆ دیاریکردنی بڕەکان گرنگن، بۆنموونە لە ڕستەی (٦_پ)دا کرداری /خواردنەوە/ دەریدەخات، دەشێت {تۆزێك ئاو}، {قومێك}، یان {پەرداخێك} بێت، ئەمە لەگەڵ ڕستەی (٦_ت)دا بەراوردبکە!

٢– پێوەری زانستیی: ئەو وشە (یەکە)انە دەگرێتەوە، کە لەڕووی چەندێتییەوە نرخێکی

ڕاستەقینەی دیاریکراو و جێگیریان هەیە، کە هەڵگری بەهای زانیاریی ڕوونو ئاشکران، واتە لە سیمانتیکی وشەکاندا زانیاریی ورد لەبارەی دەرخراوەکانەوە هەڵگیراوە، کە بەهاکانیان بێ جیاوازیی لە هەموو دەقو بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکاندا وەکیەکن، بۆیە وەك پێوەرێکی زانستیی هەژماردەکرێن. وشەکانی کێشو پێوانەی وەك /گرام، کیلۆگرام، مسقاڵ، لیتر، دۆنم، مەتر/ لەم چەشنەن، بڕوانە (٧_اب)و لەگەڵ (٦_اب)دا بەراوردیانبکە.

٧) ا. کیلۆیەك برنجی کوردیم کڕی.

ب. بیست لیتر بەنزینم کردە سەیارەکەوە.

هەریەك لە پێوەرەکانی (١)و (٢) لە جێبەجێکردنی پرۆسەکانی بچووککردنەوەدا، جیاواز لەیەك بەکاردەهێنرێن، چونکە سیمای جیاکەرەوەی وشەکان لەڕووی [± دیاریکراویی بەهاکان]ەوە حوکمدەکەن، بۆیە هەندێك لەو وشانەی، وەك (پێوەری هەڕەمەکیی) بەکاردێن، بچووککردنەوەیان ڕێپێدراوە، چونکە ئەم پرۆسەیە وادەکات، واتای وشەکە لەڕووی چەندێتییەوە بەرەو جۆرێك لە دیاریکردنی بڕو هێند ببرێت، هەربۆیە وشەکانی /نەختۆکە، کەمۆکە/، لە هەندێك ناوچەو شێوەزاردا هەنو بەفراوانیی بەکاردەهێنرێن*، لەگەڵئەوەشدا، هاتنی ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ئەمجۆرە وشانەدا، زانیارییەکان بە لێڵیی دەهێڵێتەوەو تەنها بڕەکانیان کەمترو سنووردارتر دەکات.

بەپێچەوانەوە وەك ئاماژەی پێدرا، ئەو وشانەی وەك یەکەو پێوەری زانستیی بەکاردەهێنرێن، بەهاکانیان [+ دیاریکراو، + جێگیر] ن، ئەم سیمایانەش ڕێگریی لە بچووککردنەوەی وشەکان دەکات (بڕوانە ٨_پ ت). وشەی /دۆنم/ یەکەیەکی پێوانەیی ڕووبەرەو بڕەکەی بەرامبەر بە (٢,٥٠٠) مەترە (بڕوانە ٨_ا)، کەواتە دیاریکراویی بەهای وشەکەیە، کە دەبێتە ڕێگرو وا دەکات وشەکانی /*دۆنمۆچکە، دۆنمۆکە/ لەزماندا پەسەندو ڕێپێدراو نەبن. لەم بارەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، کەمکردنەوە، یان نیشاندانی بڕێکی کەمتری ئەو وشانەی لە جۆری پێوەری چەسپێنراو و زانستین، بەهۆی هەندێك یەکەی زانستیی ترەوە ئەنجامدەدرێن (بڕوانە (٨_ب ج)).

٨) ا. باوکم لە ژاڵە چوار دۆنم زەوی/ چوار دۆنمی هەیە.

ب. دۆنمێكو شەش ئۆلکمان لە موڵکەکە فرۆشت.

پ. * لە سیتەك دۆنمۆکە/ دۆنمۆچکەیەك زەویمان هەیە.

ت. * کیلۆکەیەك/ کیلۆچەیەك شەکرم کڕی.

ج. بازنەکە پێنج مسقاڵو دوو گرامو چوارسەد سەنت بوو.

---

* ئەم وشانە لە شێوەزاری هەولێرو ناوچەکانی دۆڵی جافایەتیی بەکاردێن، بۆ نموونە: نەختۆکەیەك شەکر/ گەنممان ماوە.

### ٣-١/٢ ڕێگری بەها

بەشێوەیەکی گشتی، (بەها) لە دنیای دەرەوەی زماندا پەیوەندیی بە سروشتی ماددەکانەوە هەیەو بەتایبەتیش، ئەدگاری بنەڕەتیی زگماکییان پێکدێنێت. ئەم ڕاستییە وادەکات، ببێتە بەربەست لەبەردەم بچووککردنەوەی هەندێك ناودا، وەك /*زێڕۆکە، زیوۆکە، مسۆکە/*. بەهای ماددەکان، بنەمای سەرەکیی جیاکاریی‌و پلەبەندیی جۆری ئەم کانزایانەیە لە سروشتدا، بۆیە کەمکردنەوەی بەهایان بەهۆی مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەو تەنانەت لە سینتاکسیشدا، لەڕووی واتاو لۆجیکەوە ڕێگەپێنەدراوە.

### ٤-١/٢ ڕێگری پەیوەندیی ئاماژەبەندیی

پەیوەندیی ئاماژەبەندیی، یەکێکی ترە لە ڕێگرەکانی بچووککردنەوە، لاگرەکانی هەڵگواستن لە هەندێك باردا تایبەتمەندیی گەیاندنی واتاو ئەرکێکی فەرهەنگیی دیاریکراویان وەرگرتووە. "لەپرۆسەکانی هەلگواستندا، ڕۆڵی سەرەکی لە گۆڕانی واتاییدا بۆ ئەو لاگرەی دەچێتە سەر بناغەکە دەگەڕێتەوە"[١]، کە هەڵگواستنی وشەی نوێیە بۆ چەمك‌و واتای نوێ (بڕوانە(٩)).

٩) مست + /_ یلە/ ← مستیلە

لە (٩)دا، مۆرفیمەکە ئەرکی داڕشتنی فۆڕم‌و ناوەڕۆکێکی نوێی بینیوە، بەبەڵگەی ئەوەی، لە مۆرفۆلۆژیدا پرۆسەی داڕشتن بەهۆی لاگرەکانی هەڵگواستنەوە ئەنجامدەدەرێت‌و بەپێی جۆری لاگرەکان دەرکردەی جیاواز بەرهەمدێت، وەك داڕشتنی ناوی پیشە، شوێن، بچووککردنەوە ....هتد. لە وشەی /مستیلە/دا، مۆرفیمی/_یلە/ لەڕووی واتاوە چەمکی بناغەکەی بەتەواوی گۆڕیوەو واتاو ناوەڕۆکی بناغەو فۆڕمە هەڵگوێزراوەکە، تەواو لەیەکجیاوازن، بەو واتایەی هەریەکە ئاماژەبەندی خۆی هەیە، بۆیە ناتوانرێت واتای وشەی /مستیلە/، بە فرێزی {مستی بچووك}ەوە پەیکاڵبکرێت، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە /_یلە/ لەم وشەیەدا، بە مۆرفێمی بچووککردنەوە دانانرێت، بەڵکو بێلایەنانە ئەرکی هەڵگواستنی فۆڕمێکی نوێی بۆ واتایەکی نوێ لەدەرەوەی زماندا بینیوە، لەکاتێکدا (بەپێی سیمانتیکی ئاماژەبەندی، پێویستە وشە هەڵگوێزراوەکە، هەڵگری هەمان سیما جیاکەرەوەکانی دنیای واقیع بێت)[٢]. هەربۆیە پەیوەندیی ئاماژەبەندیی، کە بە واتای خودی وشە سازبووەکەوە پەیوەستە، ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە ئەم مۆرفیمانە هەمیشە وەك مۆرفیمی بچووککردنەوە هەڵسوکەوتبکەن، بەڵکو لەسنووری ئەم وشەیەدا هەڵگری واتایەکی دیکەیە، ئەم واتا نوێ‌و جیاوازەش، ڕێگرە لە داڕشتنی فۆڕم‌و واتای بچووککراوەدا.

---

* دیاریکردنی بەهای سروشتیی ماددەکە لەڕووی ڕێژەی کانزاوە، بەتایبەت لە (زێڕ، زیو)دا، بەهۆی پێوەری (عەیارە)وە دەبێت، وەك (زێڕی عەیارە بیست‌و چوار)، کە لەناو فەرهەنگدا چەمکی گشتیی ئەم بەهایانە، لە کرۆکی وشەکاندا هەڵگیراون.

[١] نەرمین عومەر (٢٠١٠: ٦٧)

[٢] تریفە عومەر (٢٠١٣: ١٥)

ئەم شیکردنەوەیە دەمانگەیەنێتە ئەوەی، ئەگەرچی "لە دنیای دەرەوەی زماندا، لێکسیمەکان لەگەڵ چشتو بوونەوەرەکاندا پەیوەندییان هەیە"[1]، بەڵام دیاریکردنی جۆری پەیوەندییەکە وابەستەی واتای کەرەستە ئاماژەبۆکراوەکەیە، کە بەهۆی مۆرفیمەکەوە گەیەنراوە، هەروەها وشە داڕێژراوەکانی لەم چەشنە[*]، بوونەتە لێکسیمی سەربەخۆو لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، بۆیە بەدەستخستنی زانیاریی مۆرفۆلۆژییان لەڕووی دروستەوە، پێویست بە شیکردنەوەی پێکهاتەکانیان دەکات، بەڵام دەرخستنی ڕواڵەتی بچووکیی قەبارەیان، لە سینتاکسداو بەهۆی دەرخەری /بچووک/ەوە دەبێت، کە دروستەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی، ئەم واتایە بەرجەستەدەکات (بڕوانە (١٠)).

١٠) <u>مستیلەیەکی بچووکم</u> بۆ کڕیت.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، بەکارهێنانی /_ یلە/ بەم چەشنە لە ئێستای زماندا ئەوە دەردەخات، کە پێدەچێت، ئەم مۆرفیمانە لەبنەڕەتدا تەنها وەك مۆرفیمی بچووککردنەوە گۆیانکردبێت (بڕوانە (١١))، بەڵام دواتر بۆ پڕکردنەوەی پێویستیی زمانو کەلێنی فەرهەنگیی، بووبێتنە دانەیەکی هاوبێژو جگەلە ئەرکی بچووککردنەوە، وەك مۆرفیمێکی بێلایەن واتاو ناوەڕۆکی جیاوازیان گەیاندبێت، ئەم حاڵەتەش هەندێکجار بە (ناوێزەیی واتایی)[2] ناوزەدکراوە، بەوپێیەی مۆرفێمەکە هەڵگری واتایەکە، جیاواز لەو واتایەی، بەگشتی لە هەڵگواستنی فۆڕمی بچووککراوەدا دەریدەبڕێت، بۆیە مەرج نییە لەم پرۆسە مۆرفۆلۆژییەدا، واتای دەرکردەکان بەتەواوی وابەستەی فۆڕمو واتای تێکردەکان بن.

١١) تەشپی + /_یلە/ ⟵ تەشپیلە

کانی + /_ یلە/ ⟵ کانیلە

لە (١١)دا بەڕوونیی دیارە، /_یلە/ جیاواز لە وشەی /مستیلە/ ئەرکی بچووککردنەوەی بناغەکانی بینیوە، واتە لەم بارەدا ئەرکی مۆرفیمەکە"ناولێنانێکە بۆ هەمان شت لە دنیای ڕاستەقینەدا"[3] پەیوەست بە بچووکردنەوەی قەبارەو ڕووبەرەوە، کە بە واتای (تەشپی بچووك، کانیی بچووك) دێن.

## ٢/١-٥ ڕێگری سیمانتیکیی

لە مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەدا، جگە لە فۆڕمدروستیی وشە هەڵگوێزراوەکان، دروستیی واتاییش بە مەرجێکی بنەڕەتیی پرۆسەکە هەژماردەکرێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە لاگرەکانی

---

[1] محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ٧٥)

[*] هەرچەندە ئەو وشانەی، بەهۆی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە داڕێژراون، بوونەتە لێکسیمو وەك دانەیەکی فەرهەنگیی هەڵسوکەوتدەکەن /گۆزەڵە، باخچە/، بەڵام لەم وشانەدا ئەرکی سەرەکییو بنەڕەتیی مۆرفیمەکە، بچووککردنەوەی بناغەکانە.

[2] محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٣٤) و بازیان یونس محێدین (٢٠١٣: ٥٣).

[3] محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ١٦٤)

بچـووككردنەوە پەیوەنـدیی خسـتنەتەكیەك لەگـەڵ هـەموو بناغەیەكـدا دروسـتناكەن، بـەڵكو سیمانتیكی هەندێك بناغە، خستنەتەكیەكی لاگرەكان كۆتوبەنددەكەن.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، كاتێك "لێكسیمێك لە زمانێكدا بۆ دەربڕینی واتایەك چەسپا، بەزۆریی ڕێگە لـە گشـت ئـەو دروسـتكردنە نوێیانـە دەگرێـت، كـە هـەمان ئـەنجامی سـێمانتیكیی ئـەو لێكسـێمە چەسپاوەیان هەیە"[1]، بۆیە هەندێكجار بوونی چەند لێكسیمێك لەفەرهەنگدا، پەیوەست بەڕێگری سیمانتیكییەوە، جێبەجێكردنی پڕۆسەیەكی مۆرفۆلۆژیی بلۆكدەكەن، بۆنموونە فۆڕمەكانی /چیا، شاخ/، هـەڵگری واتـاو نـاوەڕۆكی جیـاوازن (هاوواتـای تـەواو نـین)، كـە لـەڕووی پۆلێنكردنـەوە تایبـەتكراون بـە ناونـانی چـەمكی (بـەرزیی)ی ئاماژەبەندەكانـەوە، فیچـەری سـیمانتیكیی هەریەكەشـیان [+ دیـاریكراو]ە، واتـە لـەڕووی مـەرجی ڕاسـتەقینەوە، ئاڕاسـتەی (چـەندێتیی بەرزیی)یان تێدایە، كە لەیەكجیاوازن (بڕوانە(١٢_اب)).

ئەو ڕوونكردنەوانەی سەرەوە دەریدەخەن، خودی فۆڕمە سەربەخۆكان بەو واتاو نیشانانەوە، دەبنە ڕێگرێكـی سـیمانتیكیی، كـە وەك جێگـرەوەی پڕۆسـە مۆرفۆلۆژییەكـە كـارادەبن و مۆرفۆلۆژیانـە بچووككردنەوەی ئەو وشانەو توانای بەشداریكردنیان لە پڕۆسەكەدا كۆتدەكەن (بڕوانە(١٢_ج چ)).

١٢) ا. سەركەوتن بە چیای ئەزمەڕدا سەختە.

ب. ئەمساڵ لەسەر شاخی گۆیژە ئاگری نەورۆزیان كردەوە.

پ. * چیای گۆیژە

ت. * شاخی ئەزمەڕ

ج. *شاخۆكە

چ. *چیایلە

فرێـزە هێـڵ بـەژێرداهاتووەكانی (١٢_اب) ڕێپێـدراون و هۆكارەكەیشـی بـۆ بـوونی ئـەو زانیارییـە دەگەڕێتەوە، كە لە كرۆكی هەریەك لە /چیا/و /شاخ/دا لەڕووی بەرزێتییەوە هەڵگیراوە، بەجۆرێك لە سروشتدا /چیا/ لە /شاخ/ بەرزترە، ئەمە دیسان هۆكاری دروستبوونی پەیوەندیی هاوڕێیـەتیی و پێكـەوەهاتنی نێـوان (چـیاو ئەزمـەڕ)و (شـاخ و گوێژە)یـە، بۆیـە پێچـەوانەكەی نادروسـت و ڕێگەپێنەدراوە(بڕوانـە (١٢_پ ت)). سـەرباری ئـەوەش، هەندێكجار بەهۆی بەریەككەوتنی زمـان و كۆمەڵـەوە، (١٢_پ ت) دەردەبڕرێـت، بـەجۆرێك كـە هۆكـارە كۆمەڵایەتییـەكان، جـارێكی تـر دەبنـە بەربەست لەبەردەم ڕێگرە زمانییەكاندا، بە مانایەكی دیكە، ڕێگرە زمانییەكان دەبەزێنن، كـاتێكیش ئەم ڕێگرە زمانییانە كەوتنەبەر لێشاوی هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان، ئـەوا ئـەو جـۆرە پێكـەوەهاتنـەی فۆڕمە زمانییەكان لەلایـەن قسەپێكەرانی زمانـەوە، دەبنـە فـۆڕمێكی بـاوو ڕۆیشـتوو، بـەو واتایـەی، ڕێگـە بـەبوونی هەنـدێك فـۆڕم دەدرێـت، كـە لـە بنەڕەتـدا بـەپێی كۆتـە سـیمانتیكییەكان، شـیاوی بلۆككردنن.

---

[1] محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ١٨٢_ ١٨٣)

هەر لەبارەی ڕێگرە سیمانتیکییەکانەوە، کریستاڵ Crystal بۆچوونی وایە، ڕێگریی لە پرۆسەیەکی وشەهەڵگواستن دەکرێت، بەهۆی هەبوونی وشەیەکەوە لە زماندا، بەهەمان ئەو واتایەی لە پرۆسەکەدا دادەڕێژرێت[1]. ئەمەش بە (بلۆککردنی هاوواتایی– synonymy blocking)[2] ناونراوە، کە تێیدا وشە هەبووەکە لە فەرهەنگدا، ڕێگریی لە هەڵگواستنی فۆرمێکی تر دەکات، کە لەڕووی سیمانتیکەوە هەمان واتایان دەبێت، بۆنموونە وشەکانی /*بەفرۆکە، گەورۆلە/، ئەگەرچی فۆرمدروستیشبن، بەڵام بەهۆی هەبوونی وشەکانی/پڕوشە، بچووک/ەوە بلۆکدەکرێن، لەکاتێکدا ئەگەری هەڵگواستنی ئەم فۆرمانە لە زماندا، گریمانەی هاوواتابوونیان لەگەڵ فۆرمە فەرهەنگییەکەیاندا لێدەکرێت، وەك لە خشتەی (٢)دا خراونەتەڕوو.

| بناغە | فۆڕمی بلۆککراو | فۆڕمی بلۆککەر |
|---|---|---|
| ساوا | *ساوایلە | مەلۆتکە |
| بەفر | *بەفرۆکە | پڕوشە |
| دەروازە | *دەروازۆکە | دەرگا |
| مووروو | *موووریلە | زەنگیانە |
| گەورە | * گەورۆلە | بچووک |
| پاك | *پاکۆکە | پیس |
| باش | *باشیلە | خراپ |

خشتەی (٢)

خشتەی بلۆککردنی هاوواتایی

لەلایەکی ترەوە، هەندێك ناو (بناغە)، لە گشت ڕەهەندەکاندا فیچەری واتایی [+ بچووك] زگماکییانە ئەدگاری سروشتیی قەبارەیان پێکدێنێت، واتە ئەم خەسڵەتە سیمانتیکییە بووەتە بەشێکی سەرەکیی و پێکهێنەری ڕووە فیزیکییەکەی، ئەم حاڵەتەش ڕێگریی لەبەردەم پرۆسەی بچووککردنەوەیاندا دروستدەکات، چ بەهۆی مۆرفۆلۆژیی وشەهەڵگواستنەوە بێت، یان بەهۆی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەوە (بچووککردنەوە بە سینتاکس)، وشەکانی /زیخ، شەونم، کل، تۆز، ...تاد/، پەیوەست بە چەمکی بچووککییانەوە واتاو مەبەستی تەواو دەگەیەنن، بۆیە بچووککردنەوەیان لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشدا، نادروستیی واتایی دەهێنێتەئاراوە (بڕوانە(١٣_اب)).

١٣) ا. /*زیخۆکە/، /*شەونمچە/، /*کلوولکە/، /*دڵۆپەڵە/

[1] Crystal (2003: 55)

[2] haspelmath & Sims (2012: 125)

ب. *زیخی بچووك         زیخی ورد
*شەونمی بچووك  ~  شەونمی ورد
*کلی بچووك      ~   کلی ورد
*تۆزی بچووك     ~   تۆزی ورد

پێڕەوی بچووککردنەوە لە زمانی کوردیدا، بەهۆی کۆتی سیمانتیکیی بناغەکانەوە، پرۆسەکانی (١٣_اب) پەسەندناکات، هەروەك فیچەری واتایی [+ بچووك] هەمبەر بە فیچەری واتایی [− بچووك] پرۆسەکە بلۆکدەکات، لەگەڵئەوەشدا هەندێکجار دەربڕینێکی لە جۆری {زیخی ورد} لە زماندا ڕوودەدات، کە زیاتر بچووکیی زگماکیی بناغەکە پەسندەکاتو دەینوێنێت، نەك بچووککردنەوەی قەوارەی بنەڕەتیی (بڕوانە (١٤)).

١٤) چەند زیخێکی ورد لە بنی سوراحییەکەدا بوو.

نموونەکان دەریدەخەن، لەڕێگری سیمانتیکیدا یەکە فەرهەنگییەکان بەهۆی: (ا) نیشانەی واتایی [+ بچووکیی]ی خودی وشەکەوە، (ب) یان هەبوونی لێکسیمە سەربەخۆکانی ناو فەرهەنگەوە، کە لەڕووی سیمانتیکەوە پەیکاڵی واتای فۆرمە داڕێژراوەکەن، بەربەست لەئاست مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەدا دروستدەکەن.

## ٦-١/٢ ڕێگری فۆنۆلۆژیی

هەندێکجار ڕێگرە فۆنۆلۆژییەکان بەربەست لەبەردەم یاسایەکی مۆرفۆلۆژیدا دروستدەکەن، بەمەش کاریگەرییان لەسەر بلۆککردنی یاسای هەڵگواستنی فۆڕمی وشە پەیوەست بە پێکەوەهاتنو یەکگرتنی فۆنیمەکانەوە − فۆنیمی کۆتایی بناغەو سەرەتای پاشگرەکە− دەبێت.[١] لەڕووی دروستەوە، فۆنیمی کۆتایی بناغە، فۆڕمی لاگرەکە هەڵدەبژێرێت، وەك لە لکاندنی لاگری بچووککردنەوەی /_لە/دا دیارە، بۆ نموونە ئەو بناغانەی کۆتاییان بە فۆنیمی /ل/، / ڵ/ هاتووە، دەبنە بەربەرست لەبەردەم وەرگرتنی (_لە)* و ئەلۆمۆرفەکانیدا، ئەمەش دەشێت پەیوەندیی بە نەگونجاویی پێکەوەهاتنی دوو دەنگی لەیەکچووەوە هەبێت، بەتایبەت لەکاتی درکاندنیاندا، لەمبارەشدا بچووککردنەوەیان بەهۆی مۆرفیمێکی تری بچووککردنەوەوە ئەنجامدەدرێت (بڕوانە (١٥_اب)).

١٥) ا. /مەنجەڵ/ ← /مەنجەڵۆکە/، /*مەنجەڵلە/، /*مەنجەڵیلە/، /*مەنجەڵۆڵە/
ب. /ماڵ/ ← /ماڵۆچکە/، /*ماڵیلە/، /*ماڵۆلە/

---

[١] بۆ زانیاریی لەبارەی ڕێگرە فۆنۆلۆژییەکانەوە، بڕوانە: ( Plag (2003: 78

* ئەم پاشگرەو ئەلۆمۆرفەکانی: (ا) لەڕووی پۆلەڕەگەزی فەرهەنگییەوە تەنها دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو). (ب) لەڕووی سیمانتیکەوە، نیشانە واتاییەکانیان نیمچەکراوەن، واتە ئازادانە ڕێگە بەداڕشتنی فۆڕمی هەمەچەشنە نادەن.

نموونەکان نیشانیدەدەن، پاشگرەکانی دیکەی بچووککردنەوە-فۆڕمی سادەو لێکدراو-و گونجاویی بەکارهێنانیان لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە، جارێکی تر ڕێگریی لە بەکارهێنانی ئەم پاشگرە دەکەن.

**٣/٢ گۆڕانی سیمانتیکیی**

بەپێی ئەو بۆچوونەی، کە "لاگرەکان دەبنە سەری واتایی وشەی داڕێژراو"[١]، ئەو وشانەی بەهۆی (لاگرەکانی بچووککردنەوە)وە داڕیژراون، بەگشتی هەڵگری واتای [+ بچووکیی] ین، بەڵام ئەمە بەڕەهایی نییە، بەڵکو جۆری بناغەکەو پێویستیی واتایی، بڕیار لە دیاریکردنی جۆری واتای فۆڕمە هەڵگوێزراوەکە دەدەن.

وشەی /کەوچك/ بەهۆی مۆرفیمی /_چك/ەوە داڕیژراوە، کە هێمایە بۆ فۆڕمو واتایەکی نوێ، لەم وشە داڕێژراوەدا /_چك/ هەڵگری نیشانەی واتایی [+ بچووککردنەوە] نییە، بۆیە ناتوانێت وەك سەری واتایی، ئاماژە بە دەرختستنی ڕواڵەتی بناغەکە بکاتو نیشانەی [+ بچووکیی] ی پێببەخشێت.

لەڕستەکانی (١٦_اب)دا فرێزەکانی ({کەوچکی چێشت}، {کەوچکی زەڵاتە/ قاوە}، {کەوچکی چا})، لەڕووی واتاوە ناڕاستەوخۆ دەرخەری قەبارەی جیاوازن، کە دەرخەری ئەو فرێزانە، بەخشکەیی دەرخراویان بۆ چەند قەبارەیەکی جیاواز پۆلێنکردووە، کە /گەورە، ناوەند، بچووك/ن، ئەم تێبینییە دەریدەخات، لە سنووری ئەم وشەیەدا /_چك/ واتای بچووککردنەوە بەدەستەوەنادات، بۆیە لەمبارەدا خودی وشەکانی /چێشت، زەڵاتە، قاوە، چا/ هەڵگری نیشانەی [+ دیاریکردنی قەبارە]ن و وەك جێگری ئاوەڵناوی دەرخەری قەبارە، ڕۆڵیانبینیوە.

١٦) ا. دوێنێ دەستەیەك کەوچکی چێشت، زەڵاتە/ قاوەم کڕی.

ب. بە کەوچکی چا/ بچووك، تۆزێ قەنداغم کرد بەدەمی منداڵەکەوە.

پ. *کەوچکێکی چێشت/ گەورە چام خواردەوە.

ت. *بە کەوچکی چا/ بچووك هەموو برنجەکەم خوارد[*]

لە (١٦_ب)دا، گەر سەرنجی وشەکانی /چا، بچووك/ بدەین، بۆماندەردەکەوێت، کە: (ا) لەو بەکارهێنانەدا وشەی /چا/ وەك هاوواتای کەمەکیی دەرخەری /بچووك/ دەرکەوتووە. (ب) فرێزەکانی ({کەوچکی چێشت}، {کەوچکی زەڵاتە/ قاوە}، {کەوچکی چا})، بۆیە لەو بەکارهێنانەدا دیاریکەری قەبارەن، چونکە تێیدا دەرخەرو دەرخراو، جۆرێك لە پەیوەندیی

---

[١] نەرمین عومەر، (٢٠١٠: ٤٠)

[*] لێرەدا مەبەست لە حاڵەتە گشتییەکەیە، لەگەڵئەوەشدا هەندێك بەکارهێنان لەگەڵ منداڵدا ئاساییە، بۆ نموونە: منداڵەکە بە کەوچکی بچووك/ زەڵاتە چێشتەکەی خوارد.

پێکەوەهاتنیان لەگەڵیەکدا دروستکردووەو تاڕادەیەك بۆ نیشاندانی ئەو بڕانە چەسپاون، ئەمەش ڕێگە لە (١٦_پ ت) دەگرێت.

فۆڕمی هەڵگویزراوی بچووککراوە، ناتوانێت لەجێکەوتەی دەرخراوی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییدا دەربکەوێت، لەکاتێکدا دەرخەر ئاوەڵناوی /بچووك/ بێت، زمان ئەمجۆرە بەدوایەکداهاتنە پەسەندناکات، چونکە لەمبارەدا (لاگری بچووککردنەوە) وەك دەرخەر ڕۆڵدەبینێتو واتای بچووککردنەوە دەگەیەنێت، بۆیە هاتنی ئاوەڵناوی /بچووك/ زیادو کەمبەهایە (بڕوانە (١٧)).

١٧) *گۆزەڵەیەکی بچووکم لەسەر مێزەکە داناوە.

١٨) مەنجەڵۆکەیەکی بچووك یاپراخم پێچایەوە.

هەرچەندە دەشێت هەندێکجار ڕستەی (١٨) لەزماندا بەکاربهێنرێت، ئەویش: (ا) دەشێت ئەم بەکارهێنانە پەیوەندیی بە کۆزانیاریی دنیایی قسەکەرەوە، یان یاریکردن بە وشەو دەربڕینەکانەوە هەبێت. (ب) یاخود هەندێکجار بەکارهێنانی ئاوەڵناوی /بچووك/ لەچوارچێوەی ڕستەکەدا، بەمەبەستی جەختکردنەوە لەبچووکیی قەبارەی دەرخراو بێت.

بەراوردکردنی فرێزە هێڵ بەژێرداهاتووەکانی (١٠، ١٧) ئەوە دەسەلمێنێت، لە (١٠)دا هاتنی ئاوەڵناوی /بچووك/ بەڵگەی ئەوەیە، کە لەو فرێزەدا لاگر تەنها ڕۆڵی هەڵگواستنی وشەیەکی نوێی بینیوە، بۆیە نیشاندانی بچووکیی قەبارەی دەرخراو، پێویستیی بە بوونی دەرخەری /بچووك/ هەبووە، بەپێچەوانەی فرێزی ئاوەڵناوی ڕستەی (١٧)ەوە.

١٨) /چاویلکە، ڕەشکە، مستیلە،.../

١٩) /تەشپیلە، باخچە، گۆزەڵە،.../

داهێنانی وشەی نوێ بۆ چەمکی نوێ (مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن)، یەکێکە لە ئەرك (گۆکردن)ە گرنگو سەرەکییەکانی مۆرفۆلۆژیی هەڵگواستن (داڕشتن)، لەبەرئەوەی پێویستییەکی زۆرمان بە ناونانی چەمکە ناوییە جیاوازەکان Diverse nominal concept هەیە[١]. لەمەوە، دەکرێت وشەکانی (١٨) هەمبەر بە وشەکانی (١٩)، بە بەشێك لە داهێنانی یاسابەند هەژماربکرێن، بەوپێیەی زانینی واتای ئەم فۆڕمانە، پەیوەندیی بە شارەزاییو پرۆسەی فێربوونی زمانەوە هەیە، بەجۆرێکی دیکە، ناتوانرێت واتای وشە هەڵگوێزراوەکانی (١٨) بەهۆی یاسابەندیی لاگرەکانەوە هەڵبهێنجرێت، چونکە لەم پرۆسە مۆرفۆلۆژییەدا، لاگرەکان هەمان چەمکی بچووککردنەوە بە بناغەکان نابەخشن، وەك ئەوەی لە وشەکانی (١٩)دا دەستەبەریانکردووە، بۆیە گەر واتای ئەم فۆڕمانە بە یاسا گشتییەکانی زمانەکەوە پەیوەستبکرێن، ئەوا پێشبینیدەکرێت وشە

---

١. Haspelmath (2002: 68). هەروەها بڕوانە: کلۆد جێرمان و ریمۆ لۆبلان (٢٠٠٦: ١٤–١٥).

هەڵگوێزراوەکانی (١٨)، واتای (چاوی بچووك، ڕەشی بچووك، مستی بچووك) بگەیەنن" بەتایبەت بۆ کەسانی بیانیی[*]، ئەگەرهاتوو بەهۆی نەبوونی زانیارییەوە سەبارەت بەپرۆسەی مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوە لەکوردیدا، بێ جیاوازییکردن هەموو ئەم جۆرە لاگرانە وەك لاگری بچووککردنەوە بناسنەوەو فێریانبن، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە، بەڕەهایی گشت دەرکردەو وشە هەڵگوێزراوەکانی(١٨، ١٩)، بە هەمان واتای بچووککراوەییەوە لەقەڵەمبدەن‌و تێیانبگەن، ئەمەش تێکەڵیی‌و واتای نادروست لە ڕستەو بەکارهێناندا دەهێنێتەئاراوە.

هەموو ئەمانە دەریدەخەن، کە لاگری وشەکانی (١٨، ١٩)، لەڕووی واتاو ئەرکەوە هاونرخ نین‌و وەکیەك گۆناکەن، بەڵکو هەڵگری زانیاریی‌و سیمای واتایی جیاوازن، بۆیە ناتوانین تەنها لەڕێی فۆڕمەوە واتاو ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی دروستە داڕێژراوەکە بەدەستبێنین، بەڵکو وەك قسەپێکەرێکی زمانی کوردیی، پەیوەندیی ئاماژەبەندیی نێوان فۆڕم‌و ناوەڕۆك وادەکات، پەی بە واتای ڕاستەقینەی لێکسیم‌و هێما زمانییەکانی زمانەکە بەرین‌و بەدروستی لێیانتێبگەین، هەروەك لە نموونەکاندا تاقیکراونەتەوە.

کاتێك بەراوردی نموونەکانی (٢٠_اب) دەکەین، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە لە /باخچە/دا مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەو لە {باخی بچووك}یشدا بچووککردنەوە بە سینتاکس جێبەجێکراون، ئەمەش دەیسەلمێنێت /_چە/ لاگری بچووککردنەوەیە، بۆیە ئەو بناغانەی بەهۆی لاگری بچووککردنەوەوە دەردەخرێن، دەکرێت لەڕووی واتاوە پەیکاڵ بە پرۆسەیەکی سینتاکسیی بکرێن.

بەپێچەوانەوە، بەتێڕوانین لە نموونەکانی (٢١_اب) ڕووندەبێتەوە، /چاویلکە/ لێکسیمێکی هەڵگوێزراوی فەرهەنگییە بەهۆی پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییەوە، کە لێرەدا لاگری /_یلکە/ قەبارەی بناغەکەی بچووکنەکردووەتەوە، بەڵکو واتایەکی نوێی بەرهەمهێناوە، کە لەناوی ئەندامێکی جەستەوە، واتاکەی بۆ ناوی ئامێرێك گۆڕیوە" بۆیە بەرامبەر واتای (٢١_ب) ناوەستێتەوە، چونکە گۆکردنی فرێزێکی لەو چەشنە لەزماندا، واتاو بەکارهێنانێکی جیاوازی دەبێت (بڕوانە (٢٢_ا)). ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی، مۆرفیمەکە وەك لاگری بچووککردنەوە هەڵسوکەوتناکات، بۆیە بچووککردنەوەی فۆڕمە هەڵگوێزراوەکە، بەهۆی سینتاکسەوە ئەنجامدەدرێت (بڕوانە (٢٢_ب)).

٢٠) ا. باخچە

ب. باخی بچووك

٢١) ا. چاویلکە

ب. چاوی بچووك

٢٢) ا. منداڵەکانی ئاشتی <u>چاویان بچووکە</u>.

---

[*] تەنانەت هەندێکجار لای هەندێك لە قسەپێکەرانی زمانی کوردیش، وەها باوەو ڕۆیشتووە، کە ئەمجۆرە مۆرفیمانە بەگشتیی، بە فۆڕمی لێکدراو و ئەلۆمۆرفەکانیشیانەوە، سەرپێیانە بە مۆرفیمی بچووککردنەوە دابنێن.

ب. چاویلکەیەکی بچووکم کڕی.
پ. *باخچەیەکی بچووکمان هەیە.

لێرەدا دەکرێت بوونی ئەم واتا جیاوازانە، لە بچووککردنەوەی ئاشکراو نائاشکرادا کۆبکەینەوە، هەروەك نموونەکان دەیخەنەڕوو:

١- بچووککردنەوەی ئاشکرا، بەڕاشکاویی جۆرێك لە واتای بەراوردکردن لەنێوان بناغەو فۆڕمە هەڵگوێزراوەکەدا لەڕەهەندە جیاوازەکانی (قەبارە، ڕووبەر، تەمەن)دا دەردەبڕێت.
٢- لەبچووککردنەوەی نائاشکرادا، گۆڕانی سیمانتیکیی پەیوەست بەواتای لاگرەوە ڕوودەدات، کە پەیوەندیی نێوان بناغەو فۆڕمە نوێکە، بەخشکەیی گەیاندنی واتایەکی نوێ بەرجەستەدەکات.
٣- لە پێڕەوی بچووککردنەوەدا، ڕێگە بە وشەکانی زمان دەدرێت، تەنها بە یەك مۆدێل بچووکبکرێنەوە، لەمەوە (٢٢_پ) ڕێگەپێنەدراوە، چونکە (ا) ناتوانرێت لە یەك کاتدا دوو پرۆسەی بچووککردنەوەی جیاواز بەسەر هەمان بناغەدا جێبەجێبکرێت. (ب) لێکسیمە هەڵگوێزراوەکە واتاو زانیاریی پێویست دەردەبڕێت، بۆیە بچووککردنەوەی جارێکی دیکە کەمبەهایە.
٤- بەپشتبەستن بە خاڵی (٣) بۆمانڕووندەبێتەوە، ئەو لێکسیمە هەڵگوێزراوانەی، بچووککردنەوەیان پێویستی بە پەیڕەوکردنی مۆدێلی سینتاکسییە، بەڵگەن بۆئەوەی، کە لاگرەکانیان مۆرفیمی بچووککردنەوە نین (بڕوانە (٢٢_ب)).

هەندێکجاریش، گۆڕانی سیمانتیکیی پەیوەست بە گۆڕینی بناغەوە ڕوودەدات، بۆ نموونە هەریەك لە مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە لەڕووی دروستەو واتاوە تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو بەپێی تەرزێك، یان زیاتر کاردەکەن، لەمەشدا "مەودای بەکارهێنانی تەرزێك سنووردارو قەیدکراوە[١]، بەڵام هەندێکجار پێویستیی داڕشتن لەزماندا، ئەو سنورانە تێدەپەڕێنێت، بۆ نموونە مۆرفیمی /_چە/ بەگشتیی، فراوانیی ڕووبەر سنووردارەکات (بڕوانە(٢٣_ا))، کەچی هەندێکجار لەگەڵ بناغەی دیکەی جیاواز لەنیشانەی واتاییدا یەکدەگرێت، وەك لە خوارەوە نیشاندراوە.

٢٣) ا. /دەریاچە، باخچە، ناوچە، بانیژە،.../

| دەرکردە | لاگر | بناغە |
|---|---|---|
| + ڕووبەر | + دیاریکردن | + ڕووبەر |
| ± فراوان | + کەمکردنەوە | + فراوان |
| + دیاریکراو | | ± دیاریکراو |

[١] محەمەدی مەحوی (٢٠١٠: ٥٠)

لەم وشانەدا بەکارهێنانی پاشگری /-چە/ لەڕووی واتاییەوە دەردەکەوێت، نیشانەی واتایی بناغەکانیش بۆ ئەم بەکارهێنانە گونجاوو ڕێخۆشکەرن، بەڵام پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگیی زمانەکە وایکردووە، ئەم پاشگرە لەگەڵ بناغەی خاوەن نیشانەی واتایی جیاوازیشدا یەکبگرێت (بڕوانە (٢٣_ب)).

ب. /قاڵیچە، بێڵچە، خوانچە.../

| بناغە | لاگر | دەرکردە |
|---|---|---|
| + کەرەستە | + بچووککردنەوە | + کەرەستە |
| ± دیاریکراو | + دیاریکردن | + دیاریکراو |
| − بچووک | | + بچووک |

لەم جۆرەی بەکارهێنانی پاشگری /- چە/ دا، نیشانە واتاییەکانی دەرکردەی (٢٣_ب) لەنیشانە واتاییەکانی دەرکردەی (٢٣_ا) جیاوازن، چونکە نموونەکانی (٢٣_ب) بەهۆی ئەو گۆڕانانەی لە بناغەدا ڕوویانداوە، ئاماژە بە شوێن ناکەن، بەمەش هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی پاشگری /-چە/ پەیوەست بە بناغەکانەوە، بەمەبەستی گونجاندن گۆڕاون، بەڵام هاوبەشیی نیشانەی واتایی لاگرەکە لە (٢٣_اب)دا، کە [+ بچووککردنەوە/ سنووردانان]ە، ڕێگا بەم چەشنە بەکارهێنانە دەدەن.

## ئەنجام

١. بچووککردنەوەی ناو لە زمانی کوردیدا، لەڕێگای پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە ڕوودەدات، بەجۆرێك: (ا) لەپێڕەوی بچووککردنەوەی ناودا، زۆربەی کات ڕێگەدەدرێت وشەکانی زمان–ناو–، تەنها بە یەك مۆدێل بچووکبکرێنەوە، سەرەڕای ئەوەش هەندێکجار پەیوەست بە کۆزانیاریی دنیایی قسەکەرو بەمەبەستی جەختکردنەوە، هەردوو پرۆسەکە جێبەجێدەکرێن. (ب) ئەو لێکسیمە هەڵگوێزراوانەی بچووککردنەوەیان پێویستی بە پەیڕەوکردنی مۆدێلی سینتاکسییە، بەڵگەن بۆئەوەی لاگرەکانیان مۆرفیمی بچووککردنەوە نین.

٢. کۆمەڵێك ڕێگر هەڵگواستنی فۆڕمی ناوی بچووککراوە لەزماندا بلۆکدەکەن، ئەوانیش ڕێگری (فرەجاریی، چەندێتیی، بەها، پەیوەندیی ئاماژەبەندیی، سیمانتیکیی، فۆنۆلۆژیی)، لەگەڵئەوەشدا نابنەهۆی دروستکردنی کەلێنی واتایی، بەڵکو بەزۆریی ڕێگە لە بەرهەمهێنانی ئەو دروستە شێوازبەندییانە دەگرن، کە بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری زمانیی و نازمانییەوە لەلایەن قسەپێکەرانەوە پەسەندناکرێن.

٣. مەرجی دیاریکردن و پۆلێنکردنی ئەم مۆرفیمانە، جگە لە ئەرك، وابەستەی واتای ناوە هەڵگوێزراوەکەیە، بۆیە مارکەلێنەدراون و لەچێوەی لێکسیمە نوێکەدا، پەیوەست بەو واتا فەرهەنگییەی دەیبەخشن، مارکەیان لێدەدرێت.

## سەرچاوەکان


١- بەزمانی کوردی:

١. بازیان یونس محێدین(٢٠١٣)، پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجیو سینتاکس، خانەی موکریان بۆ چاپو بلاوکردنەوە، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢. سازان زاهیر سەعید (٢٠١٣)، پێزی مۆرفیمە دارێژەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣. کلۆد جێرمان، ریمۆ لۆبلان(٢٠٠٦)، واتاسازی، و: یوسف شەریف سەعید، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤. محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩)، زانستی هێما، هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، سلێمانیی.

٥. محەمەدی مەحویی(٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، سلێمانیی.

٦. محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح رەشید قادر(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، بەشی ڕووناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٢- نامەی زانکۆیی (بلاونەکراوە):

٧. تریفە عومەر ئەحمەد، (٢٠١٣)، پراگماتیکی فەرهەنگیو پێکداچوونی پێکهاتەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨. نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣- گۆڤار:

٩. بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، سنووری کێلگەی واتایی لە وشەی بێگانەو ڕەنگدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣١)، ٢٠١١.

٤- بەزمانی ئینگلیزیی:

10. Aronoff, M. (1981), word formation in Generative Grammar, Second Printing, U.S.A.

11. Bauer, L.(1993), English Word-formation, Cambridge University Press, Printed in Great Britain at the University Press, Cambridge.

12. Carnie, A.(2012), Modern syntax, A coursebook, Cambridge

University Press, U.K.
13. Chapman, S. (2013), Pragmatics, palgrave macmillan, U.K.
14. Crystal, D. (2003) A dictionary of Linguistics and phonetics, 5th edition, Black well: Oxford.
15. Grandi, N. & Scalise, S. (2000), Semantic restrictions on diminutive formation: evidence from Italian,
16. Haspelmath, M.(2002), Understanding Morphology, Oxford University Press.
17. Haspelmath, M. & Sims, A.(2012), Understanding Morphology, 2nd edition, Hodder education, U.K.
18. Howard, H. (1998), Spanish diminutives and neocognitron-type neural processing, Tulane University.
19. KATAMBA, F. and STONHAM, J.(2006), Morphology, 2nd edition.
20. Kiparsky, P. (1982). Word-formation and the lexicon, Ingeman, F. (Ed.), Proceedings of the 1982 Mid-America Linguistic Conference.
21. Lieber, R. (2012). introducting Morphology, Cambridge university press.
22. MATTHEWS, P. H.(2007), Oxford concise dictionary of Linguistics, second edition, Oxford University Press.
23. plag, I. (2003), word- formation in english, first edition, Cambridge university press.

## المُلخّص البحث

هذا البحث المُعَنوَن ب "التّصغير الصّرفيّ في الأسماء وموانِعه"، محاولة لتحديد آليات التّصغير وكيفيّة تطبيقها في اللُّغة الكورديّة، وذلك اعتمادا على تحليل الأمثلة في كلا المستويين الصّرفيّ والتّركيبيّ.

ثُمّ تمَّت الإشارة إلى الموانع التي تحجُّب عمليّة اشتقاق الأسماء المُصغّرة في اللُّغة الكورديّة، مثل موانع: (التّردُّد، والكميّة، والقيمة، وعلاقة الإحالة، والموانع الدَّلاليّة والصّوتيّة). وقد حُدِّدت هذه الموانع وِفقا لخصائص اللُّغة الكورديّة المُقترِنة بالأمثلة المَعنيّة، وحَسبَ صيغة التّصغير وعلى وجه الخصوص (التّصغير الصّرفيّ في الأسماء).



## Abstract

This research, entitled "The Morphology of the Diminutive of Nouns and their Barriers" is an attempt to determine the mechanisms of diminutive and how they are applied in Kurdish. This is conducted by analyzing the examples (taken) at the levels of morphology and syntax. Then, the barriers which block the derivation process of diminutive nouns in Kurdish are indicated. Examples of these barriers are (frequency, quantity, value, reference relation, semantic and phonological barriers). The determination of the above- listed barriers depends on the properties of Kurdish language, the examples involved and the models of diminutive in general and the morphology of the diminutive of nouns in particular.